# بەرەو کەناری شپرزەیی..
# گەشتێک لەپێناوی جوانیدا

**من حەسوودم،**
**چونکە ژیانم خۆشدەوێتو ناتوانم لەگەڵیدا بەردەوامبم**

[ کامۆ]

ئیدریس عەلی

(بەرەو کەناری شپرزەیی) ناونیشانی کتێبێکی تازەی چیرۆکنووس ( ڕەووف بێگەرد)ە و لەماوەی ڕابردوودا لەلایەن دەزگای چاپو پەخشی سەردەمەوە چاپو بڵاوکرایەوە، ئەم کتێبە بۆ خوێنەری ئێمە سەنگو گرنگی خۆی هەیە، چونکە یادەوەری تایبەتی چەند ڕۆژێکی کەمی نووسەرەو باس لەسەفەرێکی کورتی خۆی دەکات بۆ چەند وڵاتێکی ئەوروپایی، ئەگەرچی سەفەرەکەی کورتەو ماوەکەی دیاریکراوە، بەڵام سیحری نووسینو گێڕانەوە سیخناخی کردووە لە بەسەرهاتو چیرۆکو ڕووداو، لەهەندێک شوێنیشدا نووسەر گەشتەکەی بەرەو ناخی خۆیو خەیاڵو ژیانی ڕابردووی دەگوێزێتەوەو وێنەکانی ژیانی خۆی تێکەڵ دەکات بە وێنە بەرجەستەبووەکانی گەشتەکەی.

ئەڵبەت سەفەرو گەڕانو دیتنی کولتوورو شارستانیەتی دیکە بۆ هەر تاکێک گرنگیو بەهای تایبەتی خۆی هەیە، ئێمە لەبەردەم چەندین تێکستو کتێبی گەورەی جیهانیدا لەگرنگیو بەهای سەفەر تێگەیشتووینو زانیومانە گەڕانو دیتنی شوێنی جیاواز چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕوانینو تێگەیشتنو فکرمان هەیە، ئاخر سەفەرکردن تەنها پرۆسەیەک نییە بۆ گۆڕینی جوگرافیایەکی دیاریکراو، بەڵکو لەخۆیدا دووبارە نوێ بوونەوەو وەرگرتنی پێناسەی ترە بە چەمکو ماناو ڕەهەندەکان، فراوانکردنی مەوداکانی بینینو خەیاڵو وێناکردنمانە بۆ شتەکان.

مرۆڤی بە ئاگاو هۆشیار دەتوانێت لەساتە وەختی سەفەردا بەتایبەت سەفەرە قووڵو دوورو درێژەکان کە لەئاسمانەوە دەستپێدەکاتو بەدەریا پانو بەرینەکان کۆتایی دێت، بەر گەورەیی گەردوون بکەوێتو دیسان ئەو پرسیارە لەخۆی بکاتەوە: من کێمو چیم پێدەکرێت لەم گەردوونە بێسنوور گەورەو بێئەنداز بەرینەدا؟

دیاره سەفەرکردنی کەسێکی ئاسایی بۆ هەر کارێکی تایبەت بێت، جیاوازی هەیە لەگەڵ سەفەری کەسێکدا کە ئەزموونێکی زۆرو زەوەندی لەگەڵ نووسینو مێژوویەکی دەوڵەمەندی لەناو کتێبدا گوزەراندبێت، تەماشاکە، سەفەری بازرگانێکو سیاسییەک، وەک سەفەری شاعیرێکو چیرۆکنووسێکو رۆشنبیرێک نییە، دنیای دەرەوە پڕە لەکورد، لەناویاندا چەندین نووسەریش هەن کەچی هیچیان وەک ( کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) باس لە گرنگی سەفەر ناکەنو هانی ئینسان نادەن بۆ دیتنی نهێنییەکانی گەردوونو ئاشنابوون بەسەر زەمینی دیکە، لەڕاستیدا وەک چۆن هەر لێرەش دنیابینی شاعیرێکو بازرگانێک جیاوازە بۆ ژیانو سرووشتو مرۆڤو شتەکان، بەهەمان شێوە بۆ سەفەرو چەمکەکانی دیکەش هەروا جودان.

ئەم گەشتەی مامۆستا ( ڕەووف بێگەرد) گەشتێکی تەواو جیاوازە، ئەمە گەشتی کەسێکە خەیاڵی پڕە لە چیرۆکو فەنتازیا، بەئەندازەی گرنگییەکەشی درک بەمەترسییەکانی دەکات، ئەو وەک مووسافیرێکی شپرزە لەسەرەتاوە بڕیار دەدات سەفەرەکەی لەشێوەی چیرۆکدا دەست پێبکات، هەر بۆیە لەیەکەم پلەی گەشتەکەیدا بەرەو دونیا، بەوریاییەوە هەنگاو دەنێتو بەوردی سەرنج لەشتەکانو کەسەکانی چوار دەوری دەدات، هونەرمەندانە وەک فۆتۆگرافەرێکی بە ئەزموون ڕاوی لەحزە بە لەحزە دەکاتو لە زهنیدا تۆماریان دەکات.

کتێبەکە لەشێوەی بیرەوەری ئەو سەفەرەیدا و لەژێر کاریگەری ئەو کەشە رۆحیو جەستەییەی دنیای دەرەوەی کوردستان بۆی دروستکردووە، دەست بەنووسینەوەی ئەو حاڵەتانە دەکات کە بەری کەوتووە، ناوبراو وەک ئاماژەمان پێدا بەو پێیەی خۆی چیرۆکنووسەو ژیانێکی زۆری لەناو ڕۆمانو نووسینو خوێندنەوەدا گوزەراندووە، وەستایانە ئەو توخمو رەگەزانەی لەنووسینەکەیدا بەرجەستە کردووەو تێکەڵی یادەوەرییەکانی کردووە کە دەشێت بۆ چیرۆکێکی سەرکەوتوو یاخود نۆڤلێتێکی جوان بشێنو زاڵبێت بەسەر شێوازی گێڕانەوەدا.

نووسەر بەیەک دنیا گومانو پرسیارو دڵەڕاوکێوە دەست بەگەشتەکەی دەکات، خۆی گوتەنی ناحەقی نییەو ئەمە یەکەم جاریەتی شان بداتە بەر گەشتێکی وەها قووڵو دوور، ناوبراو قەلەقە چەشنی ئەو کەنارییەی چەندین ساڵ زیندانی کرابێتو دواتر بڵێیت: تۆ ئازادیت فەرموو هونەرەکانی فڕینی خۆت نمایشکە لە ئاسماندا، ئاخر ئەویش لەتەمەنێکی تەرداو پاش چەندین ساڵ زیندانی ناو خێزانو دەزگاو کۆمەڵگەو نەریت، گەشتێکی بۆ هاتۆتە پێش بۆ دنیایەکی ترو کولتوورو شارستانیەتیەکی تەواو جیاواز، نایشارمەوە بەشبەحاڵی خۆم ئەم کتێبە کاریگەری زۆری لەسەرم داناوەو تائەندازەیەک ڕوانینمی بۆ هەندێک شت گۆڕیوە.. پێشموایە خوێنەری ئێمە پێویستە ژیرانە بەرکەوتنی لەگەڵدا بکاتو تێکەڵاوی ناو ئەو بیرەوەریانە ببێت.

ڕایەک لەسەر ڕۆمان هەیەو پێیوایە کە "ڕۆمان بەدرێژایی مێژوو هەوڵی داوە کە مرۆڤ ڕزگار بکاتو خودی خۆیشی بناسێت، هاوکات هەوڵی ئەوەشی داوە کە پارێزگاری لە ئازادییەکانو مافی بەسەر بردنی ژیانو دۆزینەوەی شتە جوانەکان بکات" نووسەر کتومت لەم ڕوانگەوە دەستی بەنووسینەوەی بیرەوەریەکانی ئەو گەشتەی کردووەو ئازادییەکی بێسنوورو ڕەهاشی بۆخۆی دابینکردووە، هەوڵی ئەو بۆ ڕزگارکردنی ئەو بارە ڕۆحییەی تێیدایە هەوڵێکە مەگەر تەنها لە دنیای تێکستدا بەرجەستە ببێت.

ئەو کاتەی نووسەر لەناو ماشێنێکدایە لە ئێران بەرەو فرۆکە خانە دەڕوات، لەناو بێدەنگیو خەیاڵاتێکی سەیردا نوقم دەبێت، ئەو لەوەسفکردنی ئەو حاڵەتەیدا بەجۆرێک وێنەکە دەخاتە پێش چاوی خوێنەر، کە ئیدی وادەزانین ئەوە خۆمانین سەفەر دەکەینو ئەوە ئێمەین گومانو پرسیاری سەفەر ڕۆحمانی داکرۆشتووە، ئەوە ئێمەین نازانین گەمەی ڕۆیشتن چیمان پێدەکاتو تەسلیمی چ

قەدەرێکمان دەکـات، ڕەگـەزی گێڕانـەوەش بەو زمانە سادەو بێگەردە خەسڵەتێکی دیکەی جوانی بە چیرۆکەکانی سەفەری بەخشیوەو مەودای داوە بەوەی فەنتازیا وێناکانی خەیاڵی بەرجەستە بکات، ڕەووف بێگەرد وەک مووسافیرێک کە چاوی لە ئاسۆیەکی نادیارو لێڵ بڕیبێت، لەناوماشێنەکەدا کە تا ئەوکاتە بەبێدەنگی دڵی شەوگارو تەنهایی دەبڕێت قسەیەک لـەزاری شۆفێری ماشێنەکەوە دەبێتە یەکەم بەرکەوتنی گفتوگۆیەکی چڕو پڕ لەسەر ژیانی ناو ئەو وڵاتە، بەپێی وەسفی نووسەر شۆفێرەکە زانکۆی تەواو کردووە، کەسێکی لەوە هۆشیارترو چاو کراوەترە بەرامبەر بەژیانو مرۆڤ کە تەنها وەک شۆفێرێک لێی بڕوانێت، نووسەر تامەزرۆیە بۆ ئەوەی لەم گەشتەیدا بەر کۆمەڵێک چیرۆکی جیاواز بکەوێت، هـەر بۆیە بەدرێژایی ئەوماوەیەی تادەگەنە فرۆکەخانەی نێو دەوڵەتی تـەهران، لەڕێگەی گفتوگۆیەکی کـورتو چڕەوە حیکایەتی غەمگینی ئەو شۆفێرەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە جەنگ هەردوو قاچەکانی لێدەسەنێتەوە، وێنای ئەو پیاوەمان وەک غەمگینترین پیاوی ئەو وڵاتە نیشاندەدات، سەرەتا شۆفێرەکە وەک کەسێکی بە ئاگاو هۆشیار وەسفی وڵاتی ئێران دەکاتو دەڵێت: ئەم وڵاتـەی ئێمە لەخانەی شێتو تەمەڵو گەلۆر دەچێت، بۆیە کەسمان لە سبەینێی خۆی دڵنیا نییەو نازانین چیمان بەسەر دێت.

نـووسـەر بـەدرێـژایی ئـەو ڕێـگـەیـەی کـە بۆ فرۆکەخانە دەچێت، گوێ لەچیرۆکی شۆفێرەکە دەگـرێـتو لـەڕێگەی چەند پرسیارێکی کورتو وروژێــنــەرەوە کـە زیـاتـر لـە چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی دەچێت زانیاری زیاترو چیرۆکی تازەتر دەبیستێتو لەبیرەوەریەکانی سەفەرەکەیدا یاداشتی کـردووە، ئەو شۆفێرە نمونەی مرۆڤی جوانو خـاوەن دیدگاو بەئیرادەیە کە ڕۆژگاری ڕەش نەیتوانیوە تێکی بشکێنێت، قەیرێک ڕێدەکەنو درێـژە بەچیرۆکەکەی دەداتـەوە کە پاش تەواو کردنی زانکۆ گیراوە بەسەربازی، دیمەنێکی شەڕی ئێرانو عێراق بەشێوەیەک گوزارشت لێدەکات ئیتر خوێنەر دەکەوێتە گومانەوە کە ئەوە فیلمێکی جەنگییە دەیبینێ یاخود چیرۆکی واقیعی ژیانی شۆفێرێک، لەشوێنێکی گێڕانەوەی چیرۆکەکەیدا باس لەوە دەکات کە بەهۆی بۆردوومانی هێزەکانی عیراقەوە چەندین سەربازی هاوڕێی بەدیار چاویەوە هەپرون بەهەپرون دەبن، دەشگێڕێتەوە لەو شەڕەدا بەبرسێتیو نەشارەزا لەدەست هێزەکانی عێراق ڕادەکەن بەبێ ئەوەی بزانن ئاراستەی ڕۆشتنەکەیان بەرەو کوێیە، دواجار لەگوندێکدا دەگیرسێنەوە بەو هیوایەی گوندەکە ئێرانی بێتو کەمێک بحەسێنەوەو نانێک بخۆن، دواتر بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە پێش ئەوان ئەو گوندەش بۆمباران کراوەو ئەوەی توانای ڕاکردنی نەبووە لەوێ کوژراون، وێنەی چەندین منداڵو پەلەوەرو ئاژەڵمان نیشان دەدات بەکوژراوی، حاڵەتی دەروونی سەربازەکان تەواو تێک دەچێت، لەوکاتەدا شۆفێرەکە دەگێڕێتەوە کە دوو باڵندەی لەنـاو قەفەزێکدا بینیوە لـەتـاو ئـەو کارەساتو دیمەنی شەڕو کوشتارو بۆنی باروودە باڵەفڕەیان بـووە، هەستی ئینسانی ئەو سەربازە کە خودی شۆفێرەکەیە تاو دەسەنێتو هەر دوو باڵندەکە لەناو قەفەزەکەدا ئازاد دەکات، ئەو لەکاتێکدا خەمی دوو باڵندە دەخوات کە تۆپو سـاروخو بـارودو ناپاڵم وەک مێشو مەگەز بێڕەحمانە مرۆڤەکوژنو ژیان وێران دەکەن، ئەم دیمەنە هیومانیزمە مژدەیەکی جوانو دڵخۆشکەرە بۆ ژیانو مرۆڤایەتی، نمونەی ئەم هەڵوێستە مەگەر تەنها لە ڕۆمانو ئەو چیرۆکە جیهانیانەدا بخوێنینەوە کە لەسەر شەڕو ئاکامە نەگریسەکانی نووسراون.

تا ئەو شوێنەی دەگەنە فرۆکەخانە ئەم جۆرە گفتوگۆو چیرۆکانە بەردەوامن.

نــووســـەر لــەگـەشـتـەکـەیـدا لـەڕێـگـەی بیرەوەرییەکانیەوە کۆمەڵێک ڕووداوی سەیرو کـاریـگـەرمـان نـیـشـانـدەدات، بـەگـەڵێک شوێنی سەرسوڕهێنەرمان ئاشنا دەکات، سەردانی شوێنی داهێنەرو بلیمەتەکانی دنیا دەکـاتو بەئێمەشی

دەناسێنێت، لەهۆڵی شانۆگەرییەکانەوە تا دەگاتە گەلەریو مۆزەخانەو جێنزرگەی نووسەرو ئەدیبو هونەرمەندە داهێنەرەکان، نووسەر زۆر بەوردی شتەکان دەگێڕێتەوە، ڕووداوەکانی لەشێوەی چیرۆکێکی زۆر جوانو پڕ بایەخدا تەوزیف کردووە، کتومت ئەڵێی دووچاوی کردووە بە سەد بۆ ئەوەی زۆرترین شوێنی گرنگ ببینێ، سەیر لەوەدایە نەیهێشتووە یەک لەحزەو یەک بست شوێنو یەک بەسەرهاتو حیوارێک کە ئەو بینویەتیو گوێبیستی بووە بەسەریدا تێپەڕێت.

هەر لە درێژەی گێڕانەوەکانیدا باس لەچەندین وڵاتی ئەوروپایی دەکات کەلەوێ دۆستانو هاوڕێیانی چ پێشوازییەکی گەرمیان لێکردووەو کاتێک لەماڵیاندا ماوەتەوە یان خۆی گوتەنی خەریکی سازکردنی بەزمی(چەم) بوون، یاخود لەگەڵ هاوڕێ ڕووناکبیرەکانیا گفتوگۆیان لەسەر پرسە سیاسیو ڕۆشنبیریو ئەدەبیەکان کردووە.

یەکێک لە چیرۆکە واقیعیەکانی ناو کتێبی(بەرەو کەناری شپرزەیی) چیرۆکێکی ڕۆمانسی نێوان کوڕو کچێکی هۆڵندییە، ئەم چیرۆکە واقیعییە یەکێک لەهاوڕێکانی ( بێگەرد) خۆی دیویەتیو لەنزیکەوە ئاگاداری بووەو قسەی تێدا کردووە، دەگێڕێتەوە کوڕو کچێکی هۆڵندی کەهەردووکیان کەڕو لاڵ بوون دەکەونە ناو عەشقێکی زۆر تایبەتو جیاوازەوە، هەموو ڕۆژانێکی شەممان کچە لەباڵکۆنی ماڵی خۆیانەوە کورسیو مێزێک دادەنێتو دەخواتەوە، لەناو باخەکەی خوار ماڵی خۆشیانەوە کوڕە بەهەمان شێوە کورسیو مێزێک لەڕەنگی ئەوەی کچەکە دادەنێتو تا درەنگانێکی شەو دەخۆنەوەو تەماشای یەکتر دەکەن، ئەو هاوڕێیەی کاک ڕەووف بۆی گێڕاوەتەوە ئەم حاڵەتە چەند ساڵێک بەردەوام بووە، تەنانەت کاتێک خۆیان لەدوورەوە عەشقیان کردووە بەو شێوەیە، سەگەکانیشیان لەناو باخەکەدا خەریکی گەمەو ڕاوڕاوێنو ڕابواردن بوون، ئەمە چیرۆکێکی زۆر گرنگو جیاوازە، بەڵام کۆتاییەکی تراژیدی هەیە، ئەویش بەهۆی بەریەک کەوتنیانە پاش چەندین ساڵ چاوەڕوانیو عەشقی دووراو دوور لەشەوی کریسمسدا، ئەو کوڕو کچە پاش مەستبوونێکی زۆر بە مەیو عەشقو خۆشەویستی، ئیتر کەس لەو ناوە نایانبینێتەوە، پاش چەند ڕۆژێک هەر دوو سەگی کوڕو کچەکە بەبێ خاوەنەکانیان دەگەڕێنەوە بۆ ناو باخەکە، بەپێی وەسفی گێڕانەوەکە کچەکە مۆزیکسانێکی بەتوانا بووەو بەردەوامیش سەرقاڵی خوێندنەوە بووە، ئەو کەسەی ئەم چیرۆکەی بۆ نووسەر گێڕاوەتەوە بۆ خۆی چەندینجار سەردانی ئەو ماڵەی کردووە لەگەڵ کچەکەو دایکیدا کە بەتەنها پێکەوە دەژیان قسەو باسی کردووەو ئاشنایەتیو متمانەیان بەیەکتر پەیدا کردووە.

بەگشتی ئەم کتێبەی مامۆستا (ڕەووف بێگەرد) سیخناخە لەو جۆرە چیرۆکە سەیرانە کە مرۆڤ حەزبەخوێندنەوەیان دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە وەک کارێکی دیکۆمێنتاری ناوی چەندین سەنتەرو شوێنی گرنگی ئەدەبیو هونەریی یاداشت کردووە کە خۆی سەردانی کردوون، ڕاستە چیرۆکەکانی ناو ئەم بیرەوەریانە لەسەرەتادا بەو شێوەیە نەگێڕدراونەتەوە، بەڵام نووسەر سوودێکی باشی لە بیرۆکەکان وەرگرتووەو بەسەرهاتەکانی وەک کەرەستەیەک لای خۆی یاداشتکردووەو تێکەڵاوی کردوون لەگەڵ خەیاڵو فەنتازیای نووسیناو فۆرمی گێڕانەوەی چیرۆکی پێبەخشیون، ئەو تەنها گوێی لەناوەرۆکی باسەکان گرتووەو دواجار نمونەی کارێکی ئەدەبی لێدروستکردوون لە سیاغی بیرەوەریدا.

یەکێک لەلایەنە جوانو گرنگەکانی ئەم کتێبە بوونی ئەو ڕاستگۆییو بێلایەنییەی نووسەرە لەگێڕانەوەو وەسفکردنی شتەکانو وێناکردنی شوێنەکاندا، ڕاستگۆیی لەگەڵ خودی خۆیو بیرکردنەوەو پێشهاتەکانیدا، نووسەر بە زەقکردنەوەی وێنەکانی ژیانی تایبەتی خۆی لە ناو ئەم تێکستەدا، هێندەی تر بیرەوەریەکانی زیندوو کردووە، لەمبارەیەوە (دانتی) ڕایەکی هەیەو دەڵێت: مەبەستی یەکەمی

هەر بکەرێک لەهەر کردارێکدا کە دەیکات، کەوتۆتە سەر کەشفکردنی ئەو وێنەیەی کە تایبەتە بەخۆی، ئێمە لەم کتێبەدا تەواو وێنەی ئەو ڕەووف بێگەردە دەبینین کە لەڕێگەی ژیانو تێکستەکانیەوە کێشاویەتی بۆیان، ئەوەتا لەچەندین شوێندا باس لە نەشارەزاییو بێئاگایی خۆی دەکات لەهەندێک حاڵەتی گەشتەکەیدا، نەشیشاردۆتەوە کە چەندینجار بە برادەرەکانی وتووە بیبەن بۆ ئەو بازاڕەی لەشفرۆشەکانی لێیە، تەنانەت ئەمەی وەک ئارەزوویەک وەسفکردووەو بەشێوەیەکی جوان وێنای ئەو بازاڕەی کردووە کە ئافرەتی سۆزانی لێیە لەناو جامخانەکاندا، کاتێکیش ئەو سۆزانیانەی بینیوە هەستی بەخەلەلێک کردووە لەگەردوونو سرووشتی ئاسایی ژیاندا، ئاخر خەڵکانێک بۆ نانو بژێوی خۆیانو منداڵەکانیان نەک جەستەی خۆیان بەڵکو ئارەزووە ئینسانییەکانو حورمەتیشیان دەفرۆشن، ئەمەش هاوکێشەیەکی نادروستی نێوان کارو سەرمایەیە، بەرکەوتنی نووسەر لەگەڵ دنیای گەورەو تازەی ئەورووپادا لەلایەکەوە خۆشحاڵی کردووە لەلایەکی دیکەوە ڕۆحو دڵی بریندار کردووە، ئەو لە خۆشترین کاتەکانی ژیانی ئەوێیدا تەنانەت لەکاتی مەستبوون بەمەیو جوانی غەرقبوونی لەناو گفتوگۆ چڕە سیاسیو ڕووناکبیریەکانیشدا، بەردەوام دڵی لای نیشتمانو نەتەوەکەی بووەو خۆزگەی خواستووە وڵاتەکەی ئەویش لەڕیزی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بوایە، لە کتێبەکەیدا هەر کات خەمی لەوڵات خواردبێو بیری لە نەهامەتییەکانی ئێرە کردبێتەوە زمانەکەی تەواو شەفافو سادە کردۆتەوە، ئەمەش بێگومان بەشێکە لەخەمخۆریو دڵسوتاوی ئەو بۆ نیشتمان.

لەڕاستیدا ئەم نووسینە تەنها وەک ناسینێکی ئەو کتێبەیەو توانای ڕاڤەکردنی ڕەهەندو مانا قووڵەکانی نییە، هاندانێکە بۆ ئەوەی خوێنەری ئێمە لەڕێگەی گێڕانەوەی گەشتی نووسەرێکەوە لەماناو ڕەهەندەکانی سەفەرو وڵاتە پیشکەوتووەکانو کولتوورو شارستانیەتە گەورەکان تێبگەن، گێڕانەوەی گەشتێکی دوورو درێژ لە سیاقی بیرەوەریداو بە زمانێکو سەردێکی چیرۆکئامێز، لەلایەکەوە توانایەکی هونەرییو زەوقو مەعریفەی دەوێت، لەلایەکی ترەوە پڕ کردنەوەی بۆشاییەکە لەئەدەبی کوردیدا، چونکە ماوەیەکی زۆرە ئەم لایەنەی ئەدەب کە گێڕانەوەی بیرەوەرییە لەبۆشاییەکی ترسناکدایە.

